کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

23-10-2007 3:07بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**یەکگرن ... بەکر حەبیب**

بازی پێدەشتی ماردینم ئەمڕۆ کەوتە ئاسمان
بالۆرەی شمشاڵی ئامەد تینیدا بەرۆح و گیان
نرکەی شێری جەزیرەکەم لە دوور ڕاپێمان دەڵێ
بەوری مەیدانە لاویکورد لە دێر و لە ئەزەلێ
خرمەی فیشەکی تفەنگی وانی باکوری کوردان
کاسی کرد مێشکی توورانی لە شیوەڵ و بنبەردان
یەکەم گووللەی چیای قەندیل تیغی بێدەنگی بڕی
لە باشووردا دایەپیرە ئەسرینی خۆشی سڕی
لەو سنورە چوار لوولەی چەک ئاڕاستەی دوژمنکرا
بە هێزی گەل تورکئۆغلۆ تەواو پرزەی لێ بڕا
بەلێشاو ڕۆڵەی پێشمەرگەی رۆژهەلاتم کەوتنەخۆ
گیان لەدەستن جریتبازن فرکەیان دێ وەک هەڵۆ
قامیشلوی باسک زێڕینم بە جفرەوە بۆ عەفرین
(ئامادەبن بۆ بەرگری هەموو بە کۆمەڵ دەمرین)
گەلۆ وەرن بەرگری کەن لە شەوقی چرای باشوور
فیداکەن گیانتان بۆ وولات ببنە قەڵغان بۆ سنوور
بلێن شەوەزەنگی کوردان خۆری گەشی لە دووایە
سێ چرای تر ڕۆشن دەکەین لە تەنیشت ئەو چرایە
پێیان بلێن ئەمە گورزی برا لە پشت برایە
فێریانبکەن چارەنووسی داگیرکاری ئاوایە
نەبەردی شێخی نەمر وقازی و بارزانی و پیران
نوسیان مێژووی خەباتی ڕۆڵەی کورد و کوروستان
ڕامالن لافاوی شوومی بەربەری و کەمالیەکان
تا لاشە و سەر لە پریاسکە دیاریەک بێ بۆ ئەوان
بلێن ئەیڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زبان
نایشکێنێ دانەری تۆپی گۆل و ئەردۆغان.

سوید/

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.